# هاوسەرگیریی مەرجدار



محەمەد گەلاڵەیی

لە دادگاکانی کوردستاندا جۆرێك لە هاوسەرگیری مەرجدار پەیدابووە، ئەویش پێشئەوەی ژن‌و مێرد لەلای دادوەر مارەبکرێت لای عەریزەنووس کۆمەڵێك بەندو مەرج بەسەر زاوا لەلایەن ماڵی خەزووران دەسەپێندرێت وەك: ناوماڵی تەواوو سەربەخۆ، یاساو بەندەکانی رێگەنادات ئەو جۆرە مەرجانە بخرێنە بەڵێنامەی هاوسەرگیریەوە، تەنانەت لە شەریعەتی ئیسلامیشدا قەبوڵی ئەمە ناکرێت، تەنیا مارەیی بە(پێشەکی‌و پاشەکی) دەخرێتە نووسراوی هاوسەرگیرییەوە، سەیرە ژنێك شوو بە پیاوێك بکات‌و بەڵێنی ئەوەی لێوەربگرێت کە دەبێ ماڵی سەربەخۆو چەندین مەرجی تری بۆ دابنێت، ئەمە ئاگاداریيەکە کە هیچ متمانەیەك‌و بەڵێنێکی ئینسانی لەنێوان ژن‌و مێردە نوێکاندا نەماوە ، مانەوەی ژن‌و مێردایەتی بە مەرجی مادی‌و ماڵەوە بەند نییە، بەڵکو پەیوەستە بە خۆشەویستیەکی راستەقینەی بینادنراو لە پێش هاوسەرگرتندا، بەردەوامی لێکتێگەیشتنی ژن‌و مێرد ژیانیان هەڵناوشێنێتەوەو لە ژیان خۆشترین کات بەسەر دەبەن، بۆیە هەر کارێك‌و ئیشێك بنەماکەی بکرێتە مادی مانای وایە لەناوچوونی نزیك بۆتەوە، یان باڵانسی ژن‌و مێردایەتییەکە دەگۆڕێت، چونکە رۆژانە بازاری ئابووری‌و پارەو سەروەت‌و ماڵ لەدابەزیندایەو رۆژیش هەیە بەرزدەبێتەوە، لەوانەشە پێکدادن لەنێوان بازارکاراندا دروست بێت، ئەگەر ئەمە وەربگێڕین بۆ نێوان ئەو ژن‌و مێردانەی پارە بەیەکی بەستوونەتەوە هەمان شتە، چونکە ژیانیان پابەندە بە زێرەوە کە مادەیە، جاری وایە خۆشەویستیان بەرزدەبێتەوە، یان نزمدەبێتەوە، کاتێك ئەوانەی خۆشەویستی‌و لەیەکگەیشتن دەکەنە پێوەر بۆ ژیانی هاوسەرگیری ژیان دەبنەوەو ئەوانی تریش ژیانی خۆیان بە چەند مسقاڵ زێرێك‌و ماڵێکی پڕ لە رق‌و کینە دەدۆڕێنن، ساڵی پار لە شاری کۆیە، کچێك لەسەر یەك گوڵ لە کورێك مارەکرا، ئەم گوڵە کە چەند بۆنی خۆشە، دووئەوەندە ژیانی ئەم کوڕو کچەی خۆشترکردووە، دەبێ ئەوە بزانین بازاری پارە پڕە لە شتی ناجوان، خراپ، ماندووبوونی بێ سوود، کێبڕکێی ناشەریفانەو کاری دزێوو هتد..، بۆیە ژیانی ئەو ژن‌و مێردانە لەسەر ئەو بنەمایە ئەمانەی سەرەوە تێیدا رەنگئەداتەوەو تا دواجار ژیانیان لێدەکات بەدۆزەخ‌و جیابوونەوەو ئەویش

دۆزەخێکیترە، هەرچەندە لەسەر ئەم جۆرە هاوسەرگیریانە قسە بکەین‌و زۆر بنووسین، دیواری نێوان مرۆڤەکان زیاتر بالادەکات، لەتێکەڵبوونی کۆمەڵایەتییدا، جیاوازی نێوان کچان‌و کوران‌و خستنەوەی چینایەتی لە کۆمەڵگادا تۆختر دەکات، هاوسەرگیری مەرجدار دوو دڵان‌و دوو مرۆڤی خۆشەویست بە یەکتر ناگەیێنێت، بەڵکو دوو مرۆڤی بەرژەوەندیدار بەیەکتری دەگەیەنێت، کە بۆی هەیە لەیەکەم ساتی ژیانیاندا دڵ رەنجان‌و هەستکردن بە بارێکی گران لەلایەن کورەکەوە دروست بێت‌و دواتر بگاتە ئاستی تەقینەوەیەکی بێ ئەندازەو قوڵتربوونەوەی کێشەکانی نێوان خۆی‌و هاوسەرەکەیی‌و ئەنجامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە، پارەو زێرو ئەوەندەی بۆ خراپ بەکارهێنان بەکارهاتووە، نیو ئەوەندەی بۆ کاری باش کاری پێنەکراوە، چونکە هەر لەشەرە گەورەکانی جیهان تا شەری نێوان ژن‌و مێردەکان هەمووی لەسەر زێرو پارەو داهات بووە، زۆر شاژنی دونیاو ژنی ئەم وڵاتە بەپارە خەڵەتاون، جارێك بیریان لەوەنەکردۆتەوە ئەوەی هەوڵی بۆ دەدەن ئەنجامەکەی لەناوچوونێکی نادیارە، چونکە رۆژ بە رۆژ، هەفتە دوای هەفتە، مانگ بەدوای مانگ، ساڵ لە دوای ساڵ، سەدە بە سەدە، زێرو پارە دەگۆرێت‌و بەهاکانیان دەمرن‌و دەبنە هی کەسانی تر، بەڵام خۆشەویستی راستەقینەو پاك‌و داستانەکانیان هەرگیز لەناوناچن، وەك داستانەکانی شیرین‌و فەرهادو مەم‌و زین‌و خەج‌و سیامەند، ئایا ئەمانە خۆشەویستیان لەسەر پارەو سەروەت‌و سامان‌و ماڵی سەربەخۆ لە دەروونی یەکتریدا بیناکردبوو ؟ نەخێر، ئەمانە هەرگیز لە ئەدەبیاتی کوردی‌و خۆشەویستیدا لەناوناچن‌و بەردەوام ئەو کەسانە لەهەناوی کۆمەڵگای ئێمە لەدایك دەبن، بەڵام بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، زۆر کەم دەیانبینین وەك ئەوەی ئەو کورو کچەی کۆیە باسمکرد، خۆشەویستی راستەقینەو گوڵی هەمیشەیی ژیان بەخشیان کردە بینای ژن‌و مێردایەتی نوێ، ماڵی هاوسەرگیرانی مەرجدار شەرگەی شەرو قسەی ناخۆش‌و یەکتر شکاندنەوەو دەستەمۆکردن‌و خۆهەڵکێشان‌و قسەی نابەجێیە، ئەمە چ ژیانێکە، چ هاوسەرگیرییەك‌و ژیانێکی نوێیە کە کچەکە پێدەنازێت؟ دەبێ باش ئەوە بزانین کە خیانەتکردنی هاوسەری‌و توندوتیژی‌و ژنهێنانێکی ترو لایەنی مادی کەمی ناکاتەوە، بەڵکو زیادی دەکات، هەرلایەنی هێمنی‌و خۆشەویستی‌و لێکتێگەیشتنە کە لەکاتی ئەم کێشانەدا پەنای بۆ ببەین‌و کارێکمان بۆ بکات ژیان بۆ سەر شارێی ئاسایی خۆی بگەرێتەوە ، بەڵام بەقوولبوونەوەی کێشەکان‌و خەستی مەرجداری لە هاوسەرگرتندا دەرمانی چارەسەر نامێنێت‌و ژیان هەڵدەشێنێتەوە، چونکە پارەو زێر دەتوانن ژیانێکی تری هاوسەری دروست بکەنەوە لەگەڵ کەسانی تر، زێرو پارە لەهەر وڵات‌و زەمەنێکدا بێ بەها دەبن، کەواتە ژیانی ئەو ژن‌و مێردەش بێ بەها دەکات، خۆشەویستی‌و ژیانی نوێ لەناو دەبات، لە کۆمەڵگایەکی وەك کوردیدا کە هەمووشتێکی هەبێت وەبەرهێنانی نییە، تەنیا کەسانی مشەخۆرو بێئەندازە مەسرەفکەرین، واتا ئەوەندە ژنەکان داوای زێرو ماڵی سەربەخۆ دەکەن‌و دەیسەپێنن ئەوەندە داوای ژیانێکی پرلە ئارام‌و داهاتوویەکی گەش ناکەن، پەندێکی کوردی هەیە:" چەپڵە بەدەستێك لێنادرێت"، ئەگەر ژنێك تەنیا داوای پارەو زێرو ماڵ بکات، داوای هیچ شتێکی تری ئینسانی نەکات، ئەوا نابێت گلەیی بکات کە مێردەکەی توندوتیژە، چونکە پارەو ماڵ وەکو باسمانکرد برەبرەی شەرەکانە، کە شەری ژن‌و مێردەکان لێیان بەدەرنیە، من پشتگیری لەم پیاوانە ناکەم کە بێبەزەیانە دەکەونە گیانی ژنەکانیان، بەڵکو باسی ئەو ژن‌و مێردانە دەکەم کە لەسەر هاوسەرگیر مەرجدار ژیانیان دروست دەکەن، کە دواجار ئەو مەرجانە ئەوەندە کاریگەری لەسەر کورەکە دروست بکات، ناچار توندوتیژی دەکاتە چەکی خۆی بۆ ئەوەی گەمەکەی بەرێتەوە، خۆی زاڵبکات بەسەر ماڵەکەو ئەو مەرجانەی بەسەریدا سەپێنرابوون هەمووی بەلاوەبنێت، کاتێك ئەم هەواڵ‌و دەنگوباسەی هاوسەرگیری مەرجدار دەگاتە ناو گەنجان کە دەبیسن فلانە کچ لەسەر خانویەك‌و ماڵی سەربەخۆو تەواوی مواسەفاتی سەردەم مارەکراو لەداداگاش لەسەری بووە بەماڵ، ئەمە زۆر کەس پاشگەزئەکاتەوە لەوەی کچێك مارەبکات، یا زۆر کەس ئەم پرۆسەیە دوادەخات بۆ کاتێکی تر، واتا هاوسەرگیری مەرجدار، ژیان دەکات بەمەرج‌و ئەو قانوونە سروشتیەی ژیان رەتدەکاتەوە کە هەموو کورو کچێك لەیەکتری مارەبکرێن‌و ژیانی هاوسەری پێکبێنن.